# ئایینگەلی سەرەتایی

**عەلی ئەسغەر حیکمەت**
**لە فارسییەوە: هاشم عەلی وەیسی**
**(ئەڵمانیا)**

**زانستی ئەنترۆپۆلۆژی** Anthopology

لە چاخی نۆزدەم مـــرۆڤی پێــشکەوتوو و خـــاوەن شارستـانی نە تەنیـا لە گۆی زەوی کە مـاڵی خۆی بوو زانیـاری ڕێکوپێک و دروسـتی بە دەست هێنا، بەڵکو هەوڵی دا تا لە سەر بنج و ڕەچەڵەکی خۆی و مـێـژووی ڕەگەز و نەژادی خۆی لێکۆڵینەوە بکات و بزانێت کە لە جیهانی ئافرێنراو، باووباپیرانی ئەو کێ بوونە و چییان کـــردووە؟ لە ئەنجـــامی ئەم باس و پشکنینە، زۆر لە زانایان و بیـرمەندان ئاسەواری سەردەمـانی دێرینیـان لە پاشماوە و بەجێماوەکانی ئاژەڵە زیندووەکانی لە سەردەم و کـەلوپەل و شـمـەکـە دێرینەکـان کە هەمـووی بەڵگەی کەونینە بوونی مـرۆڤ بوون لە قـوژبن و کـەنارەکـان کـۆ کـــردەوە و بەو دەرکـــەوتە و بەڵگە و هۆکــــارانە لە ناوەڕاســتی ئەو ســەدەیە چۆنیـــەتی ژیانی مـرۆڤ لە سەرەتای ژیانی سروشتی خۆی لە چاخێک کە بە چاخی بەردینی کـۆن، پاشـان چاخی بەردینی نوێ ناسـراوە، - یەکەمیان بە پالیۆلۆتیک Paleolithicage و دووەمیان بە نیـۆلۆتیک Neolethicage- ناسـاندووە، مـرۆڤی چاخی بەردینی نوێ لە سەردەمـێکی دووردرێژ لە نێوان سێ تا دە هەزار ســاڵ پێش زایین لە ناو ئەشکەوت و زنجیرە چیاکـان نیـشتەجێ بوون و بەم هۆکـارە نازناوی مرۆڤی ئەشکەوتنشینیان Man-Cave بۆ هەڵبژاردووە.

ئەم مرۆڤە لەگەڵ ورچێکی ئەو سەردەمە بووە کە ئەویش لە ئەشکەوتەکـاندا ژیاوە کە بە ورچی کـێـوی ناسـراوە. مرۆڤی چاخی بەردینی ئەشکەوتنشین، هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی ژیار و شارستـانییـەتە دێرینەکـانی مـیسر، یان بابل لە جیـهان، ژیانی بە سەر بردووە. لێکۆڵەران و بیرمەندانی سەدەی نۆزدەم ویستیان لە سەر مرۆڤی چاخی بەرد و مـــرۆڤی پێش مـێـژوو، هەرچی زیاتر زانست و زانیاری بە دەست بێنن و هەر لەم بارەیەوە کتێبی تایبەت بنووسن و لە چاپ بدەن، بۆیە کەم کەم بنەوا و بنچینەی زانستێکیان دامەزراند کە بە ئەنترۆپۆلۆژیا ناسراوە- ئەم وشـەیە لە دوو بەشی ئەنـتـرۆپۆ کـە لە زمـانی یۆنانی بە مانای مرۆڤ- لۆژیش بە واتای لۆژیک و زانیاری- بۆیە دەکـــرێت ئەنتـــرۆپۆلۆژی بە واتای زانســـتی مـــرۆڤ (مرۆڤناسی) وەربگێڕرێت و ئاواش پێناسە بکرێت:

The science of races, physical and mental characteristics, customs and social relations of mankind

زانست و زانیـاری لە سەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆیی، تایبـەتمەندییـە جەسـتەیی و زەینیی و دەروونییـەکـانی و ســروت و دابونەریت و پێــوەندییــە کــۆمــەڵایەتی و باوەڕییەکانی چەشنی مرۆڤ.

بەم پێیە بەشێک لە زانستی ئەنترۆپۆلۆژی، تایبەت بە

لێکۆڵینەوە لە سەر هزر و بیر و باوەڕییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان و لایەنی ڕوحی و ئایینی گەل و نەتەوە دڕندەکانی چاخی بەردینە کە بە تەماین باسێکی تێروتەسەلی لەبارەوە بکەین؛ ڕاستییەکەی مێژووی ئایینەکان لقێکی زانستی ئەنترۆپۆلۆژییە.

## ئایین لای مرۆڤی سەرەتایی

ئەو هێما و نیشانانەی کە زانا و بیرمەندانی بواری مرۆڤناسی وەک بەڵگەی لێکۆڵینەوەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن و دەیسەلمێنن کە مرۆڤی سەرەتایی هەم لە دەستپێکی سەرهەڵدانی خۆی بە پێی ویستەناوی سروشتی خاوەنی هزر و بیرکردنەوەی ئایینی بووە و پێشهات و ڕووداوە نادیارە هەست پێنەکراو و نەبینراوەکان، لە ناخ و هەناوی ساکار و سەرەتایی کاریگەری هەبووە. لە ڕاو کە ئامرازی دابینکردنی خواردنی بووە، سەرکەوتنی خۆی زۆرتر لە گرێوی شتێکی ون و نادیار وەک بەخت و شانس داناوە و زانیوە، نەک لێزانی و لێهاتوویی خۆی. بە دیوێکی تر بۆ بە دەستهێنانی نێچیر، کۆمەک و یارمەتی لە نادیارەوە زیاتر لە هونەر و تێکۆشانی خۆیان بە کاریگەر زانیوە و باوەڕی وا بووە کە هێزێکی شاراوە لە دەرەوەی بوونی ئەو دەبێ یارمەتی بدات تا بتوانێت ئاژەڵە تیژ تێپەڕ و باڵندە دوورەدەستەکان بە ئاسانی ڕاو بکات و وەچنگیان بخات. لەو حاڵەشدا بە هەمان شێوە کە حەزی لە ژیان و بوونی خۆیەتی، پرس و بابەتی مەرگ و کاتی مردنیش هزر و ڕامانی سادە و ساکاری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. هەر لەم هزر و بیرکردنەوە خۆڕسک و سەرەتاییانەدا یەکەمین تۆوی باوەڕییە ئایینییەکان لە هەناو و ناخی ئەودا چێنراوە. بە کورتی، مرۆڤی سەرەتایی لە سەر تەواوی کاروبار و دەرکەوتە و دیاردەکانی جیهان لە ورد و درشت و تەواوی بوونەوەرەکان لە بێ جووڵە و بێ گیان و ڕووەک و ئاژەڵەکان تا شتە ئاسمانییەکان بەم هزر و بیرکردنەوە ئایینییە و لەگەڵ هەستی ترس و هیوا ژیاوە و چاوی لێ کردوون.

## کەڵکەڵەی ئایینی، یان تابو Tabu

بە دەربڕینێکی دیکە لە ناخی مرۆڤی سەرەتایی کەڵکەڵە و خواستێکی زەینی و ڕامان و هۆگری بە هێزێکی نادیار شاراوە بووە و لە ناو شمەک و ئامرازگەلی تایبەتی بە بوونی هێزێکی توندی یان سروشتی باوەڕدار بووە و بە هۆی ترسێکی زۆر لەو شتانە دووری گرتووە و دەستی لێیان نەداوە، بە جۆرێک ئەگەر دەستی لێ دابێت لە نادیارەوە سزا دراوە و یانی بەڵا و نەهامەتییەک بەسەریدا دەباری و بەرۆکی دەگرت. زانایانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژی ناوی تابۆ Tabuیان بۆ ئەم شتە جیاواز و خاوەن هێزە شاراوە گوماناوییە هەڵبژارد.

وشەی تابو لە زاراوەی خەڵکانی پۆلینزی Poly-nesia(١) وەرگیراوە، بەم شیکردنەوە و شیکارییەوە کە کاتێک جیهانگەڕێکی بەریتانی ناسراو بە کاپتان Cook لە ساڵی ١٧٧١ی زایینی کە لە دوورگەی تونگا Tonga(٢) خەریکی سەیران و گەڕان بوو، بینی کە خەڵکانی ئەو دەڤەرە بۆ شت، یان کەسانێکی دیاریکراو ڕێزێکی تایبەت دادەنێن و ئەو شمەک و کەسانە بە زمانی خۆیان بە تابو ناو دەبەن، بۆیە ئەو وشەیەی بە زمانی ئینگلیزی بە Marked off، شتێکی دیار و دەستنیشان کراو وەرگێڕایەوە. لە لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانی دواتر بیرمەندان شتانی وەک ئەو شمەکەیان لە لای هۆز و خێڵەکانی هەمەجی و دڕندەتر لەم لاو ئەو لای جیهان بە شێوەی جۆراجۆر بینی و زانییان هەر خێڵ و گەلێکی سەرەتایی بۆ خۆی باوەڕی بە جۆرێک تابو هەیە، بۆیە ئەو وشەیەی بە مانا گشتییەکەی بەکارهێناوە و وشەی تابو گشتی بووەتەوە.

هۆز و خێڵەکانی پۆلینزی باوەڕیان وا بوو کە لە تابوکەی ئەوان هێزێکی شاراوەی سامناک و ترسێنەر بوونی هەیە کە بە مانا Mana ناویان دەبرد. لای گەل و نەتەوە سەرەتاییەکان لە ئاسیا و ئەفریقا و ئوسترالیا و ئەمریکا و هەموو جێیەک کەم و زۆر تابوگەلی جۆراجۆر هەن؛ لای کۆمەڵە کەسانێک مرۆڤی نەخۆش، تەرمی مردوو، مرۆڤی بێگانە و لای کۆمەڵە کەسانی تر ڕەگەزی ژن و سەرۆک خێڵ، یان نهێنیزان و زانای ئایینی، کەسانێکیش خوێن، یان تەلیسم، یان برێک لە ئاسن و کانزاکان لای گەل و نەتەوە جیاوازەکان بە تابو ناسراوە.

تابو دوو جۆرە:

١- شمەک و شتە گڵاو و ناپاکەکان.

٢- شمەک و شتە خاوێن(پاک) و پیرۆزەکان، دووەمیان لە پاش گۆڕانکاری و وەرچەرخانی زۆر لای ئایینە خوێندەوارەکان بە سەرەتای لەشپاکی و یەکەمیش لای ئایینەکانی جیهان بە سەرەتای پیسی و ناپاکی دانراوە.

## بنچینەی سەرەکی ڕێوڕەسمە ئەخلاقی و ڕەوشتییەکان

زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی بناغە و بنچینەی سرووت و دابونەریتە ئاکارییەکان Ethics هەر لەم تابو جۆراجۆرانەی سەردەمانی دێرین دۆزیوەتەوە و ڕێزلێنان، یان خۆپاراستن و دووری گرتن لەوانیان بە بنەوا و بنچینەی سەرەکی و سەرەتایی دابونەریت و خوو و خدەیەک زانیوە کە ئاسەوار و پاشماوەکانی هێشتا لە ئایینە خوێندەوارە گەورەکان کەم و زۆر بوونی هەیە. لای گەلانی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە هێشتا ڕێزلێنان بۆ بڕێک لە کانزا و دار و شێوە و تابو و تارمایی و کتێبەکان ماوەتەوە. ئەم شتانە هەمان ئەو تابۆیانەی باووباپیرانە کە هێشتا بە میرات لەوانەوە بە دەستی گەلان و نەتەوەکانی ئەم سەردەمە گەیشتووە. ئەو شتەی کە لە لای پێشینیانی کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوەکان خاوەنی هێزی مەنا بووە هەر لەم سەردەمەی ئێستا لای هەمان ئەو گەل و نەتەوانە بە ویست و هێز و حیکمەتی خودا و خوداکان و بتەکان ناوی دەبەن و دەزانن.

گۆڕانکاری و پێگەیشتنێک کە لە سەردەمی باوەڕی بە تابو لای مرۆڤی چاخی بەردین سەری هەڵداوە و بە درێژایی ئەم ساڵانە بە پرس و بابەتی حەڵاڵ و حەرام و بکە و مەکەی ئایینی کۆتایی پێ هاتووە، تاڕادەیەک هەمان مێژووی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی ئایین و ئایینی مرۆییە کە ئەمڕۆکە لای تەواوی گەل و نەتەوەکانی جیهان و هەموو گەل و نەتەوەکان بە جیاوازی ڕەگەزی و نەژادی و خوێنی بوونی هەیە. بیرمەندان لەم قۆناغەدا هەنگاوێک سەرووتر ڕۆیشتوون و وتوویانە کە تەنانەت لای ئاژەڵانیش ئەم هەستی ڕێزلێنان و خۆپاراستن و دووری گرتنە، یان هیوا و ترسە بەرانبەر بە بڕێک لە شتەکان بوونی هەیە. بۆ نموونە کۆمەڵێک لە ئاژەڵان بێچووەکانی خۆیان دەخۆن، بەڵام کۆمەڵێکی تر خۆیان لێی دوور دەگرن، هەروەها بڕێک لە خواردنی گۆشتی هاوڕەگەزی خۆی کێشەی نییە، بەڵام بڕێکی تر لێی دەکۆڵنەوە، واتا گۆشتی ڕەگەزی خۆیان بە تابو هەژمار دەکەن. لە حاڵێکدا زۆرکەس جۆرە جیاوازەکانی دڕندەکان، تەنانەت کۆمەڵە مرۆڤگەلێکی دڕندەی مرۆڤخۆر جەستەی ڕۆڵەی هاوڕەگەزەکانی خۆیان هەڵدەگرن و دەیخۆن. حورمەتی خوێنڕێژی، واتا وەک تابو ناسینی خوێن لای کۆمەڵێک لە مرۆڤگەلی هەمەجی سەرەتایی، تەنانەت لای کۆمەڵێک لە ئاژەڵەکان کەمتر لە مرۆڤی پێشکەوتوو بووە!! یەکێک لە زانایانی کۆن لەم ڕووەوە مرۆڤی بە گورگ چوواندووە، قسەیەکی بە نێوبانگی بە زمانی لاتینی وتووە کە بووە بە پەندی پێشینیان. Homo homini lupus پێچەوانەی ئەمە، کۆمەڵێک لەو مرۆڤە سەرەتاییانەی کە هەنووکەش لە جیهان هەن، وەک تیرە و هۆزەکانی ئیسکیمۆ Es-kimoans لە دەڤەرەکانی باکوور و دانیشتووانی دەڤەرە سەهۆڵییەکان بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری جەنگ و خوێنڕێژی نین، تەنانەت وشەیەک بەم مانایە لە نێو زمانەکەیان نادۆزیتەوە.

لەم ڕووەوە دەتوانین بەراوردی بکەین کە کۆمەڵێک لە تیرە و گەلە دڕندە لەنێو چووەکان، خوێن و خوێنڕێژییان بە تابو زانیوە، هەر ئەم هەستەش بووە کە لای گەل و نەتەوەکان بە درێژایی مێژوو ڕشتنی خوێن و کوشتنی گەل و نزیکانی خۆیان کە پێکەوە لە ڕەگ و ڕەچەڵەکێکی هاوبەش جیابوونەتەوە بە حەرام زانراوە، واتە کوشتنی کەسانی بنەماڵە لایان کارێکی ناپەسەند بووە، کە ئەگەر تووشی دەبوون لای هێزی شاراوە، مەنا Mana، نەهامەتی و ئازار بەرۆکی دەگرتن.

چیرۆکی هابیل و قابیل(٣) کە لە زۆربەی کتێبە ئاسمانییەکاندا ئاماژەی پێ کراوە و باس کراوە. یەکێک لە گێڕانەوە و ئوستوورە لە مێژینەکانە کە پێشانی دەدات چۆن مرۆڤی سەرەتایی کوشتن و خوێنڕشتنی نزیکانی خۆی بە حەرام، یان تابو زانیوە. لە کۆنترین سفری تەورات لەم بارەیەوە هاتووە، "ئینجا خودا بە قابیلی گوت، "چیت کردووە کە خوێن لە زەوییەوە بەرەو لای من چریکاندی؟ ئێستاکە تۆ بە نەعلەت کراویت لەسەر زەوییەک کە دەمی خۆی کردەوە، تا خوێنی براکەت کە بە دەستی تۆ ڕژا هەڵمژێت...!" لە قورئانیش لە کۆتایی باس کردن لە سەر هەمان گێڕانەوە هاتووە، "من اجل ذلک کتبنا علی بنی اسرائیل انه من قتل نفسا بغیر نفس او فساد فکانما قتل الناس جمیعا..."

لێکچوونی گەل و نەتەوە سەرەتاییەکان بە ڕۆڵە و منداڵەکانی ئانیمیزم Animism خوێندنەوەی بارودۆخ و لایەنی ڕوحی ڕۆڵە و منداڵە کەم تەمەنەکان دەریدەخات کە منداڵان لە تێهزرین و کرداری قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیان لە بنە و بنەچە و باپیرە دڕندە و سەرەتاییەکانی خۆیان دەچن. بەم شێوەیە لە خوێندنەوەی باری ڕوحی منداڵان لە تێهزرین و باوەڕییەکانی تیرە و

خێڵەکانی سەردەمانی کۆن دەگەن، بێ ئەوەی ئەرک و بارگرانی چوون بۆ ئوستراليا و ئەفریقا لەکۆڵ خۆتان بدەن. ئەوەی لە هزر و ڕامانی منداڵ لە قۆناغەکانی دەسپێکی ژیانی لە بارەی جیهانی نادیار و بوونەوەرە ئاسمانییەکان و تارمایی و مۆتەکە خەیاڵییەکان بوونی هەیە ڕێک لەو ڕامان و تێهزرینانە دەچێت کە لای باپیرانی دێرینی ئەو، لە قۆناغە سەرەتاییەکان بوونی هەبووە. بۆ نموونە یەکێک لە بیرکردنەوە سەرەتاییەکانی منداڵان باوەڕی بە ڕوح و تارماییە خەیاڵکردەکانە کە ئەمە بە ئانیمیزم Animism ناو دەبەن. چ ئەو دووانە، هەم منداڵ و هەم درندە، لە لاپەڕەی تێهزرینی سادە و بیرکردنەوەی سەرەتایی خۆی وا دەزانێت کە جیهان پڕ لە بوونەوەر و شتانی نادیارە کە لە هەموو لایەکەوە دەوری ئەوانی تەنیوە و ئەوان هەڵگری هەست و سۆز و ئاکار، تەنانەت ئەو شتانەن کە لە خودی خۆیان دەچن. ئەگەر ئێمەش بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی سەردەمی منداڵی خۆمان وەبیر بێنینەوە دەتوانین لە گەڵ گەل و نەتەوە سەرەتاییەکان بەراوردی بکەین کە چۆن باوەڕیان بە جۆرە جیاوازەکانی مۆتەکە و تارماییە خەیاڵی و بوونەوەرە خەیاڵییەکان بووە و ئەوانەشیان لە شێوەی خۆیان زانیوە و پێیان وابووە لەوان دەچن، لێرەوەیە کە باوەڕی بە مۆتەکە و تارماییە خەیاڵکردە نادیارەکانی وەک: جنۆکە، پەری، هامزا، غوول، دێو، شەیتان، فریشتەی باڵدار و... تاد، کە هەمووی پاشماوە و میراتی سەردەمانی دێرینی مرۆڤایەتییە و هێشتا کەم و زۆر لای مرۆڤی پێشکەوتووی ئەم سەردەمەش بوونی هەیە.

لە نێو هۆنراوە و هەڵبەست و دەربڕینەکانی شاعیران و وێژەوانانی نەتەوە زیندووەکان لەم جۆرە بوونەوەرە خەیاڵییانە کە بەرە بەرە کەسایەتییان پێ دراوە قسەی زۆر کراوە و لە ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگری و پاشاکانی سەردەمی دێرینی نەتەوەکان بە شێوەی هێمایین و چواندن ئاماژەی بێ پایان بەم بوونەوەرە خەیاڵکردانە دەبینرێت.

حافز لە کۆپلە شیعرێکی جواندا ئاماژە بە غوول دەکات و دەڵێت:

**دووره سەراب لەم بیاوانە، زەنهار**
**بەڵکو دێوی بیاوان نەکەوێتە ناو سەرابت**

لە جێگەیەکی تر قسە لە شوێن و پێگەی ڕوحە پەتییەکان دەکات و دەڵێت:

**گەر "با" بۆنی تۆ بەرێتە ئارامگەی ئەرواح**
**عەقڵ و گیانی خەرمانی وجوود بۆ گیانبەزی ئایینە بەر**
**گەر بۆنی تۆی بۆ پەرستگەی ڕوحەکان برد با**
**ئاوەز و گیان خەرمانی هەبوونی بەقوربان کە جا**

## زاراوەی ئانیمیزم

زاراوەی ئانیمیزم کە لە وشەی Animaی لاتینی جیا بووەتەوە، بە مانای گیان و دەروونە، کە ئەوەش بریتییە لە باوەڕی بەوەی کە هێما و دەرکەوتەکانی سروشت خاوەنی ڕوحە پەتییە سەربەخۆکانن، واتا هەر شت و هەر تەنێک خاوەنی ڕوحێکە. یەکەمین کەسێک کە لە زانستی مێژووی ئایینەکان ئەم زاراوەی بەکارهێنا تایلەر(٤)ی بەریتانییە کە لە ساڵی ١٨٧١ ئەم مانایەی لە ناو پێناسەی تێکڕای ئایین گونجاند و وتی، "ئایین، واتا باوەڕمەند بوون بە شتە ڕوحانییەکان".(٥) بە دەربڕینێکی دیکە ئانیمیزم، واتا باوەڕی بە بوونی ڕوحەکان کە لە پاش مەرگ و لە نێوچوونی جەستە دەمێننەوە. کۆڵێک لە گەل و نەتەوە سەرەتاییەکان ئەم بوونەوەرە خەیاڵکردانەیان تا ئاست و پێگەی ئافرێنەر و خودا بەرز کردووەتەوە و پەرستوویانن و بەندەییان کردوون.

## پاشماوەکانی باوەڕی بە ئانیمیزم لە ناو گەل و نەتەوەکانی جیهان

باوەڕمەندی بە مانەوەی ڕوحی مرۆڤ، لە پاش مەرگ کە لە نێو تەواوی ئایینە زیندووەکان، یان خوێندەوارەکانی جیهان بە شێوە و لەونێکی جیاواز ئاماژەی پێ کراوە، لە پاشماوە سەرەتاییەکانی باوەڕی مرۆڤ لە بارەی ئانیمیزمە، هەروەها باوەڕی بە دۆنایدۆنە، واتا چوونی ڕوح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر، لە باوەڕمەندییە دێرینەکانی گەل و نەتەوە مرۆییەکانە، کە لە تەواوی ئایینەکان کەم و زۆر بە شێوە و شێوازگەلی جیاواز بە دی دەکرێت. لەم بارەوە وتراوە، کە "ما من مذهب الا وللتناسخ فیه قدم راسخ".

بۆ نموونە لە کاریگەرییەکانی ئانیمیزم باوەڕی بە فرە خوداییە کە لای یۆنانییەکانی سەردەمی کۆن سەری هەڵدا و لەوانەوە بۆ ناو بنەما فەلسەفی و باوەڕییەکانی گەل و نەتەوەکانی تر تەشەنەی سەند، وەک ئەوەی کە وتوویانە، "تا کەڵەشێری عەرش(ئاسمان) بانگ نەدات کەڵەشێرەکانی جیهان دەست بە بانگدان ناکەن"(٦) و لە ئەنجامدا هەر ئەم تێهزرین و بیرکردنەوە ساکار و سادەیە

بوو بە بنەمای سیستمی فەلسەفی و ئالۆزی وێنەیی ئەفلاتوونی، کە شێوازی پێشکەوتووی باوەڕی بە ئانیمیزم، یان پەرستنی ڕوحەکان لە لای فەیلەسووفانی خوداباوەڕی یۆنانە. میرفندرسکی وتوویەتی:

**گەردوون بەم ئەستێرە ناسک و نارینە جوانە**
**ڕوخسارێکی لێرەیە ئەوەی وا دەژیت لەو سەرە**
**ڕوخساری ئێرە ئەگەر بە پلیکانەی مەعریفەت**
**هەروا بئاژۆیٚ بەرەو سەرێ، دەگاتە هەناوی ئەو ڕوحە**

یەکەمین تێهزرین و بیری ئانیمیزم لە ئاوڕدانەوە و سەرنجدانی خەو و خەون لە ناخ و هەناوی مرۆیی سەری هەڵدا، بەم هۆیەشەوە کە خەویان بە هاوشێوەی مەرگ زانیوە و بینیوە و لە کۆنەوە وتوویانە، "النوم اخ الموت" «لە دەڤەری جافایەتی لە پەندی پێشینیانی ئەو ناوچەیە ئاوا هاتووە"خەوە و مەرگ، یان خەو برای ئاوەڵدوانەی مەرگە، وەرگێڕ». ئەو شێوە و تارماییانەی کە ئایینە ناو جیهانی خەونی مرۆڤەوە باوەڕمەند بەو بوونەوەرە نادیارانەی دەکات کە هەمووی لە جیهانی شتە ناماددییەکان لە گەڕاندان و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە هەر جەستە و تەنێک ڕوح و گیانێکی لە بەردایە کە لە کاتی خەو، واتا کاتی بێ جووڵەیی جەستە، ئەو ڕوحە دەگەڕێت، هەروەها پاش مەرگیش لە جیهانی ڕوحەکان دەمێنێتەوە، یان دەچێتە جەستە و لەشێکی ترەوە.

گەل و نەتەوە سەرەتاییەکان بە بەراوردی خەو و خەون، بوونی ڕوحیان تەنیا تایبەت بە مرۆڤ نەزانیوە، بەڵکو بوونەوەرەکانی وەک ئاژەڵ و ڕووەک، تەنانەت شتە نەجووڵەکانیشیان بە ماڵی ڕوحگەلی دەرهەستی تایبەتی زانیوە. ئەوان بە گوێرەی ویستەناوی خۆشەویستی بۆ مانەوە (بۆ ژیان) کە لە شیرازەی سروشتی مرۆڤە ویستیان کە ئەو بوونەوەرە ناسک و هەستیارە نادیارانە، لە پاش مەرگ و لە ناوچوونی جەستە نەفەوتێن و لە ناو نەچن، بەڵکو لە لەش و جەستەیەکی دیکەدا دەردەکەونەوە.

لەکۆتاییدا، لە درێژایی چەندان سەدە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی جۆراوجۆر کار بە جێگەیەک گەیشت کە کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوەکان وایان دەزانی کە ڕوح، تەنانەت لە حاڵەتی ژیاندا لە جەستەیەکەوە دەردەچێت و دەچێتە ناو جەستەیەکی دیکەوە. لە پاشا دێرینەکاندا بە تایبەتی چیرۆک و گێڕانەوەگەلی زور کەونینەی ڕۆژهەڵاتی جیهان وەک (ئەلف لەیلە و لەیلە)، هەزار و یەک شەو، یان کلیلە و دمنە، زۆرجار بەم جۆرە چیرۆکانە کە ئاماژە بە گواستنەوەی ڕوحەکان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دەکات بە زۆری دەبینرێت. تەواوی ئەم چیرۆکانە هەڵقوڵاوی جۆری بیرکردنەوەی ئانیمیزمی خەڵکانی دێرینە، کە لەم کتێبە بە تەمەنانەدا ڕەنگی داوەتەوە.

باوەڕمەندی بە بوونەوەرە خەیاڵکرد و مۆتەکە و تارمایی و شێوە سامناک و هەیکەلە ترسێنەرەکان کە لای زۆرینەی نەتەوە دێرینەکان هەن، وەک باوەڕی بە دێوەکانی کوێستان، یان شەودێزەکان و نیمفاکان لە جەنگەڵ و دارستانەکان و غوولەکان لە بیابانەکان و جنۆکەکان لە چۆڵگە و ساراکان، شوێنە ترسناک و وێرانەکان، وەک شۆرکە گشتییەکان، یان وێرانەکانی ئەمارەتە کۆنەکان و... تاد، هەمووی لە دایکبووی هەمان بیرکردنەوەی ئانیمیزمی سەرەتاییە کە لە ناخی باپیرانی مرۆڤ لە دێرزەمانەوە جێگیر بووە. باوەڕمەندی بە چوونی ڕوحێکی شەڕەنگێز بۆ ناو جەستەیەکی نەخۆش و فێدار، یان چوونی بۆ ناو جەستەی ژنی تازەزا، یان بیستنی ئاوازگەلێک لە نادیارەوە لە چۆڵەوانییەکان، یان دیارکەوتنی دەرکەوتە و مۆتەکە و تارماییە خەیاڵییەکان لە تاریکی و شتانی لەو چەشنە لای تەواوی گەل و نەتەوەکان بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر هەن.

بۆ نموونە خەیالات و باوەڕمەندی بە ڕوحەکان، پرس و بابەتی گرتن و داگیرکردنی هەتاو و ئەستێرەکانە، کە بریتییە لە: ملکەچ و گوێڕایەڵ کردنی ڕوحی هەتاو و ئەستێرەکان کە لای کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوە، تەنانەت کۆمەڵێک لە موسڵمانەکان برەوی بووە و ئێستاش هەیەتی، باوەڕی و باوەڕمەندی بە بوونەوەرە دەرهەست و ئەبستراکتەکان کە پاسەوانی هەر کام لە توخمە چوارینەکانە و ڕووداوە ترسناکەکانی وەک سێلاو و گەردەلوول و هەورە تریشقەکان بەڕێوە دەبەن، هەر لە ئەم بیرکردنەوەیە سەرچاوەی گرتووە، تا ئەو جێگەیە لە هۆنراوەی سەعدی دەبینرێت کە وتوویەتی:

**فریشتەیەکە خاوەندارە بە سەر خەزنەکانی با**
**کوا دەپرسی لە چرای پیرەژنێ کە کوژرا**

کۆمەڵێک لە زانایانی مێژووی ئایینەکان پانتایی تەشەنەسەندنی ئەم باوەڕییە تا جێگەیەک بەرەو پێش دەبەن کە سەرهەڵدانی یەهووە خودای نەتەوەی جوولەکە لە چیای توور بە دەرئەنجامی وەرچەرخانی باوەڕی ئانیمیزمی پیاوچاکانی نەتەوەی بەنی ئیسرائیل زانیوە. لە تەورات هاتووە کە "فریشتەی خودا لە کڵپە و

بلێسەکانی ئاگر لە نێو بنچکە گیایەک خۆی پیشانی مووسا دا... ئەلخ"(٧) سۆفییەکان بۆ ئەم هەواڵە کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا هاتووە راڤەیەکیان کردووە و وتوویانە، "کە قسەکردنی درەخت ئاماژە و هێمای راستییە کە لە تەواوی شمەکەکاندا، لە ئاژەڵ و رووەکەکاندا هەیە".

**رەوا بێت هاواری ئەنال هەق لەداریَ**
**بۆ رەوا نەبێت لە کەسێ شانس بیاریَ**

لە سەرژمێری ئەم دواییانەی ئایینەکانی جیهان، ژمارەی باوەڕمەندان بە ئانیمیزم کە وەک ئایینی فەرمی هەڵیان بژاردووە و پێڕەوی ئایین و ئایینیکی دیکە نین، زیاتر لە ١٣٥ ملیۆن تۆمار کراوە. زۆربەی ئەو کەسانە ئەو گەل و نەتەوانەن کە لە دەڤەری باشوور و رۆژهەڵاتی ئاسیا، بە تایبەت لە شارەکانی چین نیشتەجێن.

**تۆتەمیزم**

باوەڕی و رێزلێنانی تایبەتی بۆ کۆمەڵێک لە رووەک و ئاژەڵەکان و بوونەوەرە زیندووەکان، یەکێکی دیکە لە بیرکردنەوە دێرینەکان و تێهزرینە سەرەتاییەکانی مرۆڤی چاخی بەردینە. هەر تیرە و هۆزێک لە سەردەمانی کەونارای پێش مێژوو بەرانبەر بە درەختێکی تایبەت، یان ئاژەڵێکی تایبەت، رێزێکیان داناوە و ئەویان بە پارێزەر و پاسەوانی گەل و خەڵکەکەی خۆیان زانیوە. لە ناو ئەو گەل و نەتەوە سەرەتاییانەی ئەوڕۆکە لە هەرێمەکانی ئەوروپا و ئەفریقا و بەشەکانی دیکەی گۆی زەوی ژیان دەکەن هێشتا هەر ئەم باوەڕییە کەم تا زۆر بوونی ماوە. زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی هۆکار و بەڵگەی زۆریان بە دەست هێناوە کە بوونی ئەم جۆرە باوەڕییەی لە لای گەل و نەتەوە لە ناوچووەکانی دێرینیش سەلماندووە.

وشەی تۆتەم لە وشەی هیندییە سوورپێستەکانی ئەمریکاوە وەرگیراوە، کە بە واتای شتێکی شیاوی رێزلێنان هەژمار دەکرێت. تیرە و هۆزەکانی هیندییە سوورپێستەکانی ئەمریکا هێشتا لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئاژەڵ، یان درەختێک تۆتەمی تایبەت بە تیرە و هۆزی ئەوانە، بۆیە ئەو ئاژەڵ، یان درەختە بە هێما و نیشانەی تیرە و هۆزی خۆیان دادەنێن. ئەو تەشک و وێنەیەش بە تۆتەمی تایبەت بە خۆیان دەزانن.

**باوەڕمەندی بە تۆتەم بە تۆتەمیزم ناسراوە**

دگل تۆتەم Totem pole ناوی کۆڵەکە، یان دگلێکی زۆر بڵندە کە تیرە و هۆزە سوورپێستەکانی ئەمریکا لە سەری تۆتەمگەلی جۆراوجۆریان کێشاوە، ئەوجار لە پێش خێوەت، یان نیشتنگای تیرە و هۆزەکەی خۆیان دایدەمەزرێنن. لەم سەردەمەی ئێستا زۆربەی ئەو باوەڕییانەی گەل و نەتەوە خوێندەوار و پێشکەوتووەکان پاشماوەی تۆتەمیزمی کۆنی باوک و باپیرانیانە. کوتانی وێنەی ئاژەڵان بە شێوەی خاڵ لە سەر جەستەی مرۆڤەکان خوویەکە کە لە رۆژگار و سەردەمانی کۆن هەبووە و هێشتاش لە جیهان برەوی هەیە(٨). کێ چوزانێ کە ئەم نەریتە میرات و پاشماوەی باوک و باپیرانی نەبێت.

لە نێو تەواوی نەتەوە و گەلانی زیندووی جیهان شوێنەواری باوەڕی بە پەرستنی رووەک و گیانلەبەری تۆتەم دەبینرێت. وەک نموونە وێنەی ئەو ئاژەڵ و رووەکانەیە کە بۆ نەخشەی ئاڵا فەرمییەکانی خۆیان هەڵیدەبژێرن، کە لەوانە دەکرێت ئاماژە بە شێر و هەتاو لە سەر ئاڵای پێشووی ئێران و وێنەی هەتاو لە سەر ئاڵای ژاپۆن بکەین.

**پاشماوەی باوەڕی بە تۆتەمیزم لە ناو نەتەوە زیندووەکان**

لە شانامەدا(٩) ئاماژەی جۆراوجۆر بە ئاڵای ئێرانییە کۆنەکان کراوە کە تیرە و تایفەکانی لەشکری پاشاکانی ئێران بەرانبەر بە بارەگاکانی خۆیان هەڵیاندەدایەوە و لە سەری وێنەی ئەستێرەیەک، یان ئاژەڵێکیان بە رەنگی جۆراوجۆر کێشاوە؛ یەکێک گورگ و یەکێک ئەژدیها و یەکێک فیل و یەکێکی دیکە شێر و لەم جۆرە وێنانە. ئەم چیرۆکە باس لە دابونەریت و خوویەکی دێرینی تیرە و تایفەی ئارییاییەکان دەکات، کە لە شانامەدا رەنگی داوەتەوە، هەروەها ئاڵاکان و وێنەی بەیداخەکانی ئێستا کە لای نەتەوە پێشکەوتووەکان بە هێمای نەتەوایەتی و ئەدگارێکی حکوومی و دەسەڵاتداری هەژمار دەکرێت، بەڵگە و هێمایەکی زەقە لە بوونی تۆتەمیزم لە تیرە و تایفە و باپیر و باپیرانی دێرینیان، هەر ئەمەیە کە لە ئاڵا تازەکانی کۆمەڵێک لە دەوڵەتان وێنەی ئاژەڵان و باڵندەکانی وەک هەڵۆ لە ئەڵمانیا و فیل لە تایلەند و هەتاو لە ژاپۆن و شێر لە سیلان دەرکەوتووە و بووە بە هێما و نیشانەی فەرمی ئەو نەتەوانە.

لە ئەدەبیاتی جیهاندا زنجیرەیەک حەکایەت و پەند و گێڕانەوە هەن کە سەرچاوەکەی تۆتەمیزمی باوک و بنەبابی نەتەوە کۆنەکانە. چیرۆکە ئوستوورەییەکانی

رۆمییەکان و حەکایەتی ژووپیتەر کە خۆی بە شێوەی قوو دەرهێنا تا سەرنجی خۆشەویستەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، گوایە ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە یەکێک لە خێڵە کۆنەکانی ئارییاییەکان کە باوک و بنەبابی دێرینی لاتینەکانن، باڵندەی قوو(قورینگ)، یان بە تۆتەمی خۆیان زانیوە. دواتر بەرە بەرە ئەم باڵندەیە سیمایەکی خودایی پێ دراوە و دەرئەنجام لە شێوە و شێوازی ژووپیتەر دەرکەوتووە.

هەروەها ورچ لای ئەڵمانییە کوێستانییەکان لە ناوەندی ئەوروپا تۆتەم بووە و تا جێگەیەک ڕۆیشتووە کە ئێستا شاری بێرنی پایتەختی سویسرا – ئەڵمان هەر بەو ناوە ناو نراوە و خەڵکی ئەو شارە بە هەمان شێوەی جاران ڕێزی خۆیان بۆ ئەو ئاژەڵە پاراستووە.

دەڵێن لە هەواڵ و گێڕانەوەکانی ئەو گەل و نەتەوانەی بە ڕەچەڵەک سامین حەکایەتەکانی مار و تاووس و کەر بلعام باعوورا(١٠) و کەرەکەی عەزیز نەبی و گوێرەکەی سامری و بابەتی لە و چەشنە زۆرتر بە هۆی بوونی باوەرگەلێکی بێگانەیە کە تیرە و هۆزە کۆنەکانی عبرانی لە بارەی هەر کام لەم ئاژەڵانە هەیانبووە. باوەڕی بە پیس و سڵپۆت بوونی سەگ و بەراز و ڕێزگرتنی گۆشتی کۆمەڵێک لە ئاژەڵان و ڕێزدار و خۆشەویست بوونی کۆمەڵێک لە گیاندارانی تر، وەک گا و ئەسپ و سەگ بەجێماو و میراتی لە تۆتەمیزمی دێرینی گەل و نەتەوەکانی بەنی ئسرائیلە.

پەرستنی گا لای هیندییەکان و بە پیرۆز زانینی ئەو ئاژەڵە باشترین نموونەی زەقی پاشماوەی تۆتەمیزمی بنەبابی و باپیرییە کە چەند هەزار ساڵ لەو دەقەرە ماوەتەوە و بەم سەردەمەی ئێمە گەیشتووە.

لە ئێران هێشتا کۆمەڵێک لە تیرە و تایفە کوێستانی و گوندنشینەکان و خەڵکانی ڕەشۆکی شاری دەبینرێن کە بڕێک لە دار و درەختەکان کە شوێنەوارێکی خەیاڵی، یان پرشنگێکی رووناکاییان تێدا وێنا کردووە بە تۆتەمی خۆیان داناوە و بە لقوپۆکانییەوە دەخیل، واتا کوتە پارچەیەک دەبەستن و گرێ دەدەن و داوای بەجێهێنانی خۆزگە و ئاواتێکیان لێ دەکەن. ئەگەر بێتو هەر کەسێک ئەو دارە ببڕێتەوە، ئەوە بە شیاوی سزایەکی شاراوە و مەرگێکی لە ناکاوی دەزانن، هەروەها کوشتنی قالاو و کوندەبوو بە شووم و هۆکاری بەدبەختی و ڕووداوگەلی دڵتەزێن و ناخۆش بۆ بکوژەکەی دەزانن.

لە حەکایەت و پەندی پێشینیانی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی کە لە زمانی ئاژەڵ و دار و درەختەکانەوە قسە دەکرێت و کۆمەڵێکیان بە هێما و نیشانەی ئەدگارگەلێکی تایبەتی هەژمار دەکەن، لەوانەیە بە هۆی تۆتەمیزمی دێرینی ئەو گەلە و وڵاتێک بێت وەک چیرۆکەکانی ئەلف لەیلە و حەکایەتەکانی کلیلە و دمنە و پەندەکانی لوقمانی حەکیمی عەرەب و فابلەکانی ئیزۆپ غولامی یۆنانی.

لەو ئاسەوارە دۆزراوانەی کە لە بواری دێرینەناسی لە وڵاتانی هیند و میسر و ئاشوور و بابل لە بن زەوی دەرکەوتوون، شێوە و پەیکەری زۆر ڕووەک و ئاژەڵان دۆزراوەتەوە کە لای گەلانی جۆراوجۆر لە دەوروبەری ئەو شوێنانە، یان لە شارگەلی جیاواز لەو وڵاتانە سەرەتا بە شێوەی تۆتەمی سەرەتایی دروست کراون و دواجار بووە بە هۆی پەرستنیان و جێگە و پێگەی خودایان وەرگرتووە. پەرستنی گا و مار و تاووس و بووزینە (بێچووی مەیموون) لای هیندییەکان و ڕێزنان لە ئەسپ و کەڵ و بزن و کۆمەڵێک لە دار و درەختەکان لای نەتەوەکانی تر دیسان لە پاشماوە و ئاسەواری تۆتەمیزمی کۆنی کەونارایی بنەباب و باپیری ئاریایی ئەوانە کە تا ئەوڕۆش لای ڕەچەڵەک و بنەچەی ئەو گەل و نەتەوانە درێژ کراوەتەوە. (ئێمە هەوڵمان دا لەم وتارانە لە شرۆڤە و شیکاری هەر ئایینیکی گەل و نەتەوەکانی سەردەمانی کۆن پێوەندی بە بیرکردنەوەکانی تۆتەمیزم و ئانیمیزم و فیتیشیزمی کۆن بە پوخت و پاراوی ئاماژە پێ بکەین.)

## کاریگەری کرداری تۆتەمیزم لە سەر پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی

دوو زانستی گەورە کە لە جیهانی پێشکەوتووی ئەوڕۆکە بەوپەڕی پێگەیشتنی خۆیان گەیشتوون و لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە سەرەتای شارنشینییەوە تا ئێستا سەرچاوەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورە و وەرچەرخانگەلی ئابووری بەربڵاو و جۆراوجۆر بووە، کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، واتا پەروەردە و بارهێنانی گژ و گیا بە کەڵکەکان و دەستەمۆ و ماڵیکردنی ئاژەڵە دڕندەکان و زاوزێ و بەرهەمهێنانی گیانلەبەر و ڕووەکە قازانج دارەکانە. ڕوون و ئاشکرایە ئەم دوو زانستە بەروبوومی وەرچەرخانی باوەڕییەکی سادە و سەرەتاییە، کە مرۆڤی سەرەتایی حەز و هۆگرییەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵێک لە جۆرە جیاوازەکانی ڕووەک و ئاژەڵەکان

هەبووە و ڕێزی لێ گرتوون و بۆ پاراستنی لە بەرانبەر پەتا و خەسارە زەوینی و ئاسمانییەکان هەوڵی داوە و تێکۆشاوە، بۆیە بە پێی ڕێسا سروشتییەکان، بەرە بەرە ئەوەی پارێزراوە زۆر بووە و گەشەی سەندووە و زاوزێ و نەشونمای کردووە، تا لە کۆتاییدا پەروەردە و بارهێنان و پاراستنیان دوو زانستی ڕێکوپێکی ئاماژە پێکراوی لێکەوتووەتەوە و تا ئێستاش دوو هۆکاری بەنرخی بژێو و لە هۆکار و پاڵنەرەکانی درێژەی ژیانی ئابووری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین.

## فیتیشیزم، یان پەرستنی شت و تەنەکان Fetishism

بە هەمان شێوە کە پەرستن و ڕێزنان لە ئاژەڵ و ڕووەک لای کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوەکان تۆتەمیزمی لێ بووەتەوە، ڕێزنان لە شمەکە جەستەییە بێ گیانەکان و بەرد و ڕووەک لای گەلانی هەمەجی سەرەتایی باوەڕییەکی دروست کردووە کە بە فیتیشیزم ناوی دەبەن. باوەڕی بە فیتیش fetish، واتا ڕێزنان لە شت، یان جەستەیەکی ماددی کە هێزێکی ڕازاوی سەرسوڕهێنەری شاراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها لە باوەڕییە باو و برەودارەکانی گەل و نەتەوە دڕندە سەرەتاییەکان بووە کە تا ئەوڕۆکەش درێژەی هەیە، بە تایبەت لای منداڵان و پیرێژنان و نەزانەکان هێشتا بە شێوەی جۆراوجۆر زۆر دەبینرێت.

فیتیش وشەیەکی پورتوغالییە کە بە مانای سیحر و جادووە. ئەو وەختەی زەریاوانانی پورتوغالی لە سەدەی نۆزدەم کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقایان دۆزییەوە، بینییان کە ڕەشپێستەکانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە بۆ کۆمەڵە شتانێکی تایبەت حاڵەتی پەرستن و ڕێزنانێکی ڕوحانی دادەنێن، تکا و چاوەڕوانی شتانێکی فراوان و سەیر و سەمەرەیان لێ دەکەن. بە زمانی خۆیان ئەو شتانە بە فیتیش ناو دەبەن. لە پاش ئەوە، کاتێک یەکێک لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی لە فەڕەنسا ناسراو بە شارل دۆبرۆس Charles de Brosses لەساڵی ١٧٦٠ زایینی کتێبێکی لە سەر پەرستنی بەرد و شتە بێگانەکان نووسی، هەر ئەم وشەیەی لە زمانی گەشتیارانی پورتوغالی وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەی بە مانا گشتییەکەی بە کاری هێنا، ئەم ناوەشی Culte des Dieux Fetiches بۆ کتێبەکەی دانا.

ئێستاکە گەل و نەتەوە سەرەتاییە ڕەشپێستەکان لە ئەفریقا و هۆز و تیرە سوورپێستەکان لە ئەمریکا و خێڵە سەرەتاییە خۆجێییەکان لە ئوستراليا و خەڵکانی نیوەسەرەتایی باکووری لە ئاسیا، هەر کامەیان جۆرێک لە فیتیش دەپەرستن. ئەم پاڕانەوە و پەرستنانە وای لێ هاتووە کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان و لای خوێندەوارترین نەتەوەکان، ئاسەواری فیتشیزمی بنەباب و باپیری بە ڕوونی پێوەدیار و بەرجەستەیە و هەر کامەیان باوەڕیان بە تەلیسم و جادووبەندێکی سەر کانزا و ئاسنەکان هەیە. ئەو کاتەی ئانیمیزم لە هزر و بیرکردنەوی مرۆڤ سەری هەڵدا و مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی بە هێزێکی ڕوحی پەیدا کرد، ئینجا ئەم باوەڕییە پێویستی بەوە بوو کە ئەو ڕوحە شاراوەیە لە بەرد و شمەکی تریش ببینێتەوە و بزانێت کە سەرچاوەی شتگەلی باش و خراپ و ئەنجامی بە کەڵک و زیانباری لێ دەبێتەوە. ئەمەیە کە زۆربەی گەل و نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان لە دێرزەمانەوە بۆ بەرد و شتە بێ جووڵەکان و لە ئەنجامدا زێڕ و زیو و خشڵ و زەنبەر، بە تایبەت ئەنگوستیلە و مۆر و کلکەوانە، خۆشەویستی و ڕێزێکی تایبەتیان داناوە، هەڵکەوتووە لە نێو نقێمەکەی وێنە و هێما و نیشانەگەلی ڕازاوییان هەڵکەندووە، یان چەقاندووە، ئەوەش لە سەر چارەنووس و ژیانی خاوەنەکەی بە کاریگەر دەزانن. هەر ئەم باوەڕییە شاراوەیە بووە کە لە درێژایی ڕۆژگار و ساڵان پیشەسازی زێڕینگەری و کار و پیشەی دیکەی لەو چەشنەی لێ بووەتەوە و ئێستاکە هاوکات ئەنگوستیلە گرانباییەکان لە گەڵ زێڕینگەرە پسپۆڕەکان لە جیهانی پیشەسازی و ڕازاندنەوە و جوانکاریدا سەریان هەڵداوە.

کۆمەڵێک لە زانایان لەو قۆناغە سەرووتر ڕۆیشتوون و دەیانەوێت خۆشەویستی و ڕێزی مرۆڤی شارستانی و پێشکەوتوو بۆ کانزا گرانباییەکان و بەرد و زیو و زێڕ، هەروەها خودانیان بە کۆکردنەوەی سەرجەمی وێنەی کێشراو و کۆلۆکسیۆنی شمەکە ماددییەکان لە جۆرە تاقانەکەیدا، هەمووی سەرچاوە لە هەمان باوەڕی بە فیتیشیزمی دێرینەوە وەردەگرێت، کە مرۆڤایەتی لە بنەباب و باپیری سەرەتایی خۆی بۆی بە میرات ماوەتەوە. هەر ئێستا و لەم سەردەمەدا چەندە زۆرن ژنانی بارهاتوو (خوێندەوار)ی جیهان کە لە ئەمریکا و ئەورووپا و ئاسیا دەژین و نەخشێک لە ناو قاپێکی زێڕینیان بە بەرۆکیانەوە هەڵواسیوە، هەروەها لە پەرستگە و پەیمانگە گەورەکانی جیهان شتگەلێکی پیرۆز هەن کە هەمووی ناوبانگ و مەزنی و بەها و بایەخێکی یەکجار زۆریان بە

دەست هێناوە و لە لایەن هەموو کەسێکەوە پیاهەڵگوتن و پەرستن و ڕێزیان لێ دەگیرێت.

ئەو خاچانەی کە لە چێو و بەرد و کانزا و زیو و زێڕ دروست کراون و لای مەسیحییەکان تا ئاستێک لە ڕێزلێنان ڕۆیشتوون کە شکڵ و شێوەکانیان لە کەنیسەکان و لە سەر گۆڕ و گۆڕستانەکان و بە سەر دەری ماڵەکان و لە سەر سینگی خۆیان دەیکوتن و دەکێشن و نموونە و هێماکانی لە هەموو شوێنێک دەبینرێت، فیتیشی مەسیحییەکانە. ئەو پەیکەرانەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە بەرد و کانزا و زیو و زێڕ بوودایان دروست کردووە، فیتیشی بوودابیەکانە. دەڵێن کۆمەڵێک لەو بەردە ڕووخاوانەی وەک بەردی ئەسوەد کە لە پێش ئیسلام یەکێک لە فیتیشەکانی عەرەبەکان بووە و لە ئیسلامیش بە بۆنەی بەرژەوەندی و قازانجێکی خودایی ڕێزی لێ دەگرن و هەنووکە لە بەشێک لە کەعبە پارێزراوە و لەوانەیە ئەو کانزا و تەلیسم و هێما و قفڵ و شتانی دیکەی وەک بەرد و ئەو وێنە پیرۆزانەی کە کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوەکان لە سەر گۆڕ و گڵکۆی مردووان دای دەنێن هەر لەو خانەیە هەژمار بکرێت.

وێنەی خودا سێیانەییەکان (ویشنۆ، شیوا، برەهما) لای هیندییەکان و پەیکەری بوودا لای گەل و نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی دوور کە سەرجەمیان لە جۆرە جیاوازەکانی کانزا و بەردەکان دروست دەکرێن، لە گەورەترین و بە ناوبانگترینی ئەو فیتیشانەیە کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بڵاو بوونەتەوە و ناسراون.

## فیتیشیزم دەسپێکی بتپەرستی

لە دوای ئەوەی بەنی ئادەم قۆناغ بە قۆناغ بەرەو گەشەکردن و پێگەیشتن هەنگاوی هەڵهێنا و لە چاخی بەردینەوە بۆ چاخی کانزا پەڕینەوە، پەرستنی فیتیشی سادەی سەرەتایی کە لە بەرد و چێو دروست دەکرا کەم کەم گەشەی کرد و بڕواکانی فیتیشیزم شێوە و شێوازێکی گەشەسەندووتر و پێشکەوتووتری بە خۆوە گرت. ئایینی بتپەرستی idolatry، واتا پەرستنی پەیکەر و وێنەکان وەک خودا، کەم کەم بە شێوازێکی ڕێکوپێک لە جیهان سەری هەڵدا. بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بارەی زاتی خودایی لە شێوەی پەیکەرگەلێکی دیاریکراو کە بۆ خۆی دروستی دەکرد، یان لەو شتانەی کە خۆی دەیکێشا، وێنا دەکرا و بەرجەستە دەبوو. لە کۆنترین سەردەمانی کەونارا و لەو کاتەوەی نووسینی مێژوو دەستی پێ کردووە، ئایینی پەرستنی بت و وێنە لە هەموو جیهان برەودار و باو بووە، تەواوی گەل و نەتەوە کۆنەکانی وەک میسر، ئاشوور، بابل، فینیقیە، یۆنان، ڕۆم و... تاد هەر کامەیان بە نۆرە قۆناغەکانی بتپەرستییان بڕیوە و پەیکەریان بۆ خوداکانیان لە بەرد دەتاشی.

پێش ئەوەی لە شاری ئوور، ئیبراهیمی خەلیل سەر هەڵبدات، باووباپیرانی ئەو هەموویان لە قۆناغی پەرستنی بتەکان بوون و خوداگەلی دیکەی جیاواز لە یەهووەیان پەرستووە. (١١) لابان کە لە باپیرانی ئسراییل و هاوسەردەم و باوکی ژنەکەی یەعقووبە، بە پێی گێڕانەوەی تەورات، یەعقووبی بەوە تۆمەتبار کردووە کە خودا دروست کراوەکان، تۆتەمەکانی ئەویان دزیوە. ئەم ڕووداوە لە تەورات گێڕانەوە و چیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە. (١٢)

## هەڵهاتنی تاکپەرستی

لە پاش ئەوەی چەندان سەدە لە پەرستنی بتەکان تێپەڕی. بە پێی گەشەی هزر و ڕامان و پێگەیشتنی کولتووری مانەوی، دەبوو کۆمەڵێک لە گەل و نەتەوە دێرینەکان کەم کەم لە بازنەی باوەڕگەلی بێ بنەما و فیتیش پەرستی دەربێن، بۆیە بەرە بەرە کەسانێک سەریان هەڵدا کە گەل و نەتەوەی خۆیان بۆ تاک پەرستی بانگهێشت دەکرد. لە نێو نەتەوە سامییەکان semitic ئیبراهیمی خەلیل پێشەنگ بوو. ئیبراهیم کە بە خەلیلوڵڵا، واتا باوکی تاکپەرستان ناسراوە، تەواوی خوداپەرستان (تاکپەرستان) لە عیبری و عەرەبی لە وەچەی ئەون. موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە بە کەسێکی هێژای دەناسن. ئەو پیاوە زانا و تێگەیشتووە دوو هەزار ساڵ پێش زایین لە شاری ئوور لە کەنارەکانی ڕووباری فورات لە دایک بوو.

لەو سەردەمەدا تەواوی کلدانی و ئاشوورییەکان قۆناغەکانی بتپەرستییان تێ دەپەڕاند و هەزاران شێوە خودای گەورە و گچکە لە نێر و مێ و خودای ناوچەیی و نەتەوەییان هەبووە و پەیکەر و شێوەیان بۆ دەسازین و لە شارەکانی ئوور و بابل و کیش و... تاد پەرستگەی گەورەیان بۆ ساز کردبوون. ئیبراهیم بە ڕێنمایی هزر و بیرکردنەوەی خۆی بە چەواشەبوونی باوەڕی خەڵکانی سەردەمی خۆی زانی و بەرەو لای تاکپەرستی هات. ئیبراهیم نوێنەری یەکەم وەرچەرخانی هزری و

بیرکردنەوەی مرۆییە کە لە قۆناغی پەرستن و پاڕانەوە لە پەیکەر و وێنە دەستکرد و بەرهەستەکانی تۆتەم و بتەکان رووی لە پەرستن و پاڕانەوە لە خودای تاقانەی خاوەن توانایی سەرووتر لە زەوی و زیندەوەرەکان و ئافرێنەری زەوی و ئاسمان کرد. ئەو لەم پێوەندییە لە گەڵ باب و خزم و کەسوکار و زۆرینەی گەلەکەی خۆی مشتومڕ و کێشمەکێشی زۆری هەبووە. لە تەورات بە تێروتەسەلی لەم بارەوە قسە و باس کراوە.(١٣) لە قورئانیشدا لە زۆر جێگە ئاماژە بە ئایینی ئیبراهیم کراوە؛ لە دوو سوورەت باس لە بانگهێشت و ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی کە بۆی پێش هاتوون و ئەو شۆڕشەی کە دژ بە بتپەرستی پێکی هێنا و ئەو جەنگەی کە لە پێناوی تاکپەرستی دەستی پێ کردووە بە تێروتەسەلی کراوە و پێنووسی وەحی بە شێوەیەکی زۆر جوان بەسەرهاتی وەرچەرخانە دەروونییەکانی ئەو پیاوە گەورەیەی نیشان داوە. "و اذ قال ابراهيم لابيه ازر اتتخذ اصناما الهه" و "وتلك حجتنا اتينا ابراهيم على قومه..."(١٤) و "ولقد اتينا ابراهيم رشده..." و و ارادوا به كيدا فجعلناهم الاخسرين".(١٥)

لە میسری کۆن کە یەکێک لە کۆنترین ناوەندەکانی بتپەرستی جیهان بووە، فیرعەونێک بە ناوی ئیخناتوون- عامێن هۆتپی چوارەم- لە نزیکەی ١٣٥٠ پ.ز سەری هەڵدا. ئەو خودا زۆرەکانی کۆن و بتەکانی میسری خستە لایەکەوە و خەڵکانی دانیشتووی نیلی بۆ تاکپەرستی، یانی ئەستێرەی خۆر، هەتاو(Aton) بانگهێشت کرد، بەڵام ئەم هەوڵەی ئەو زۆری نەخایەند و لە پاش حەڤدە ساڵ دەسەڵاتداری، میسرییەکان دیسانەوە بەرەو پەرستنی عاموون و خودا زۆرەکانی خۆیان هەڵگەڕانەوە.

سەرئەنجام نۆرەی مووسا پێغەمبەری گەلی بەنی ئسراییل گەیشت. (١٢٥٠پ.ز) مووسا دووری گرتن لە بتپەرستی لە ریزی دە رێساکەی خودا دانا و لە زاری یەهووەوە گوتی، "بە دەر لە تۆ خوداکانی دیکە بوونیان نییە، هیچ وێنە و پەیکەرێک لەوەی لە سەرێ لە ئاسمانە و لەوەی لە خوارێ لە زەویدایە بۆ خۆت مەسازە و چۆکیان بۆ دامەدە".(١٦) بە گەلەکەی خۆی وت کە بتەکان بشکێنن و وتی: "پەرستگەکانیان برووخێنن و پەیکەر و بتەکانیان بشکێنن و بتە داتاشراوەکانیان بسووتێنن".(١٧)

لە نێو تەواوی ئەو گەل و نەتەوە دێرینانەی کە لە سەردەمی کتێبی پیرۆز لە گەڵ جوولەکە سەروکاریان هەبووە و لە سەردەمی کەونارا قسە و باسیان لە سەر کراوە، تەنیا پارسەکانن کە تا ڕادەیەک لە عەیب و شوورەیی بتپەرستی بێبەری بوون، بە هەمان شێوە کە زەردەشت پەرستنی پەیکەر و بتی لۆمە و ڕەت کردووەتەوە.

## ئاسەواری فیتیشیزم لای نەتەوەی عەرەب

عەرەبەکان پێش ئیسلام لە سەدەی پێنجەمی زایینی بە ئاستێک لە پێشکەوتن گەیشت بوون کە فیتیشگەلێکی زۆر سادە و ساکاری بنەباب و باپیرانیان جێگەی خۆی بە پەیکەر و بتگەلێکی جۆراوجۆری خودای تیرە و هۆزەکان دابوو. لە باکوور و باشووری دوورگەی عەرەب، هەر خێڵە و خودایەکی بۆ خۆی ساز کردبوو، یان لە گەل و نەتەوەکانی دراوسێیان پەیکەرەکان و خودا دەستکردەکانیان وەردەگرت و دروستیان دەکرد، وەک بەعل، خودای ئاو- بیر و کانیاوەکان- لات و عوزا و مەنات کە سەرەتا بەردگەلێکی چوارگۆشە بوون و خەڵکانی سارانشینی سەرەتایی ئەوانەیان دەپەرستی و نموونەیەک لەوانەیان لە کەعبە کە ناوەندی بازرگانی و کۆمەڵایەتییان بوو، هەڵدەگرت. پەرستنی هوبەل کە پەیکەر و جەستەکەی بە شێوەی مرۆڤ دروست کرابوو و بۆ پەرستن و پاڕانەوە لێی لاسایی ئارامییەکانیان دەکردەوە، هەروا برەودار و باو بوو.

عەرەبە سەرەتاییەکان لە بەردەم فیتیش و پەیکەری خوداکانی خۆیان قوربانییان دەکرد و دیارییان پێشکەش دەکردن. هەر هۆز و خێڵێک لە هەمبەر هۆز و خێڵەکانی تردا شانازییان بە خودای تایبەت بە خۆیان دەکرد و ناوەکانیان بۆ تەوەرک (پیرۆزاییەک کە پارێزەر و دوورخەرەوەی بەڵا و شەڕە، وەرگێڕ)، لە رۆڵە و منداڵەکانی خۆیان دەنا. وەک بەندەی عوزا و بەندەی لات و... تاد. لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی زایینی گەشەی کۆمەڵایەتی و هزری عەرەبە کۆچەر و چادرنشینەکان بە قۆناغ و پلەیەک لە پوختەیی و باڵاکردن گەیشتبوو کە پێویست بوو پێغەمبەرێکیان بۆ دابەزێ کە بتەکان تێک بشکێنێت و فیتیشیزم، یانی بتپەرستی لە دوورگەی عەرەب تێکرووخێنێت و نەتەوەی عەرەب بەرەو لای خودای تاقانە ڕێنوێنی بکات. پێغەمبەری عەرەبی لە خێڵی قورەیش لە مەککە لە ٥٧٠ زایینی، لە دایک بووە و پاش تەمەنی چل ساڵی دەستی

بە ڕێنوێنی خەڵکەکەی کرد، خەڵکەکەی خۆی بۆ پەرستنی خودای تاقانە هان دا.

## ئاسەوار و پاشماوەی بتپەرستی لە ئایینە پێشکەوتووەکاندا

بتپەرستی لە ناو گەلانی پێشکەوتوو بە ڕواڵەت نەما و لە ناو چووە، بەڵام بە تێپەڕینی کات و سەردەمەکان لە ناو ئایینەکانیان، واتا لە کەنیسەی جوولەکە و کڵێسەی مەسیحیان، کۆمەڵێک دابونەریت و ئاسەواری بتپەرستی دێرین کەم و زۆر بە شێوەی جۆراوجۆر و بە ناوگەلی جیاواز بە جێماوە، هەر وەک چۆن ئاسەواری بەردچنییەکان لە کڵێسەی بیزانس-یۆنانی - و ئاسەواری نیگارکێشی و پەیکەرسازی لە کاتدرالەکانی ئەوروپای کاتۆلیک، بەڵگەی ئەم بابەتەیە. هەنووکە ڕوخسار و پەیکەری مەسیح و دایکی ئەو و خاچی پیرۆز و پەیکەرەکانی قدیسانیان بە هەزار شێوە و شێواز دروست کردووە و دەیپەرستن. تەنیا ئایینی ئیسلام تاکپەرستی بە سادە و ساکاری پاراستووە و بە چاوپۆشی بڕێک لە شمەک و وێنەکان کە کەسانی نەزان و خەڵکی بە گشتی لە ڕووی نەزانی و خورافە لە پەرستگەکان و جێگە پیرۆزەکان دایانناون، کە لە لایەن زانایان و شارەزایانی ئاسمانی ڕەت دەکرێنەوە، کەمتر ئاسەوارێک لە پەرستنی فیتیش، یان پەرستنی بت لە ناو ئەم ئایینە بە جێماوە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی مێژووی ئایینەکان، چاپی بڵاوکراوەی پژواک، لە ساڵی ١٣٨٨ هەتاوی.**

**١- کۆمەڵەی دوورگەکانی پولی نزی، ناوی چەند دوورگەیەکی پەرشوبڵاوە کە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەقیانووسی پاسفیک، ئارام هەڵکەوتووە.**

**٢- تۆنگا، یەکێک لە دوورگەکانی کۆمەڵە دوورگەی پولی نزییە، لە ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا.**

**٣- سیفری ڤەداهاتن، تەورات، ٩/٤؛ قورئان، سوورەتی مائدە، ٦٣/٥- ٣٠.**

**٤- تایلەر E.B. Tylor ئەنترۆپۆلۆژیستی ئینگلیزی.**

**٥- سەردانی بەشی یەکەم بکەن، پێناسەی دین.**

**٦- نیزامی دەڵێ:**

**بیستومە لەسەر ئەم فەرشە سەوزە**

**کەڵەشێرێکی سپییە لەژێر ئەم عەرشە**

**کە بێتە لێدانی تەپڵێ خۆی دەواڵ (ئێشکگری کاروان)**

**کەڵەشێرانی دی ئایینە لێدانی باڵ**

**بەڕاستی ئەو باڵندەی عەرشە منم**

**وا هەرکازیووەیەک نەوایەک دەژەنم**

**٧- سیفری دەرچوون، ٤/٣-٣.**

**٨- لە مەسنەوی مەولەوی ئاماژەی بەم ڕەسم و نەریتە کردووە:**

**بێ وچان لە جەستە و دەست و مەچەگ**

**دەیکوتن لە ڕوخساری شێر و پڵنگ**

**بە وەها ڕوخسارێک پەیتاپەیتا و بێ ئازار**

**بە سەری دەرزی شینابیان لێ دەکەن بار**

**٩- شانامە چیرۆکی زۆراب و ڕۆسەم؛**

**زەردەخۆرێکی ئاڵا لەباوەش**

**ئاڵای کاووس شا زەرد بەڕەنگی مانگ**

**زەردەئاڵای کەیکاوس شای ئێران؛**

**کوتاویە لەخۆی ناقۆڵای پەیکەر ئاڵا**

**لەپێش دەمیان سورانی زێڕینە باڵا**

**ئاڵای گودەرز بەنەوش و لە شکڵی شێر؛**

**شێرێکی پەیکەر لە بەیداخی بەنەوش**

**درەوشێنەری گەوهەری مروارید گەش**

**ئاڵای ڕۆسەمی زاڵ، سەوز و لە شێوازی ئەژدیها؛**

**چاو لە ئاڵای کە ئەژدیها پەیکەرە**

**نەیزەکەی وەک شیری زێڕین بەرە**

**١٠- سەحیفەی یووشەع، ٢/٢٤.**

**١١- تەورات، سیفری ڤەداهاتن.**

**١٢- سیفری ڤەداهاتن، پاژگەلی ١٢ و ١٥ و ١٧ و ١٨ و ٢٢.**

**١٣- سەردانی بەشی چواردەی ئەم کتێبە بکەن.**

**١٤- قورئان، سوورەتی ئەنعام، ٨٣/٦-٧٤.**

**١٥- قورئان، سوورەتی ئەنبیاء، ٧٠/٢١-٥١.**

**١٦- تەورات، سیفری چوونەدەر، ٤/٢٠.**

**١٧- تەورات، سیفری تەسنییە، ٥/٧.**